کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 25-8-2007 13:40

## هەیاسە لە خاتووزین چ باسە!؟ ... هۆزان محمود

دورست بوون و دامەزراندنی سەنتەر و ڕێکخرا و سەندیکا و دەستە و دامەزراوی حکومی یان ئەهلی و



هەتا حیزبیش، بۆ داکۆکیکردن و پاریزگاری کردن لە ماف و ئازادییەکانی تاك و چین و توێژە جیاوازەکان و چارەسەر کردنی کێشە و گرفتەکانیان، کارێکی ئیجابیە و مەرجێکی سەرەکی هێنانەکایەوەی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و بەرهەم هێنانی تاکێکی تەندورستە لە ڕووی دەروونی و مەعنەویەوە، بەتایبەت بۆ کۆمەڵگایەکی وەکو کوردستان کە دامودەزگایەکی بەهێزی حکومی بوونی نیە کە خۆی بەبەرپرس بزانی لە پاراستنی شەخسیەت و کەرامەتی تاکەکان و یاسا و دەستوریکیشیان لە پشت نیە کە ئینسان بە لە ئارا بوونی ئەو یاساو دەستورە پشت ئەستوور بێت، بۆیە دامەزراوێکی لەم شێوەیە زۆر پێویستە، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵێك سەنتەر و ڕێکخراو لەم ساڵانەی دوایدا لە پێناو ئەو ئامانجە هاتنە کایەوە، کەچی هەموو شتێکیان کردووە بەس کارە سەرەکیەکەی خۆیان نەکردوو، چونکە کۆمەلێك دەست بەتاڵ و بەرژەوەنیخواز لە بێکاریدا بیریان لە دامەزراندنی دەزگایەکی لەم شێوەیە کردەوە، نەك درك کردن بە پێویستی کۆمەڵگا و تاکەکان.

ئەوەی من مەبەستمە دوو قسەی لەسەر بکەم (سەنتەری خاتووزینە)، ئەو سەنتەرە لە لە پرۆگرام و بەرنامەیاندا پەیامێکی گەورەیان لەسەر شانیان هەڵگرتووە کە پرسەکانی ئافرەتانە، بەڵام لە پرۆژە و ستراتیژیاندا جگە لە میوانداری و شەکراو خواردنەوە گولچ گۆرینەوە و پیرۆزبای کردن لە نیچان دۆست و برادەران و بەرپرسەکانیان، هیچی تریان نەکردووە، سەرباری ئەوەی ئەوەی من ئاگادار بم لە چوار پێنج لاوە هاوکاری و پشتگیری دەکرێن و بودجەی خەیاڵیان خستونەتە بەر دەست، لە وەزارەتی رۆشنبیی و کارەباری کۆمەڵایەتی و دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران بودجەی تایبەتی وەردەگرن، جگە لەوەی لەلایەن مەکتەبی سیاسی ڕێکخراوە ئینسان دۆست و خێرخوازەکان یارمەتیەکی زۆر وەردەگرن، کەچی لە 5ی ئەو مانگە ئافرەتێك هانای بۆ بردن کە کێشەیکی هەیە بە بڕی 500 دۆلار چارەسەر دەکرێت بەرپرسی سەنتەر پێگوتبوو ئێمە پارە نابەشینەوە! لە ئەنجامدا ئافرەتەکە خۆی ژەهر خوارد کرد و کۆتایی بە ژیانە خۆی هێناو چوار منالێش بێناز متنەوەکە کێشەکەی لەگەڵ پیاوەکەی خۆی بوو.

ئەو سەنتەرە کۆمەڵێك ژنە بەرپرس دەستیان بەسەر داگرتووە و وەکو هەر بەرپرسێکی ئەو وڵاتە خەریکی کۆکردنەوەی سامان و خۆشکردنی ژیانی خۆیانن و حیسابیش بۆ هیچ لایەن و دامو دەزگایەك ناکەن.

ئاخر بەدبەختی و ماڵوێرانی ئەو مەملەکەتە لەوەدایە کۆمەڵێك ئافرەت خۆیان بە نوێنەر و قسەکەر و فریاد ڕەسی ئافرەتان دەناسێنن، کەچی لە واقعدا خۆیان هۆکارێکی سەرەکی و بەهێزی هەموو ئەو زوڵم و ستەم و کێشە و گرفتانەن کە ڕۆژانە دووچاری ئافرەتان دەبێتەوە، سەنتەری خاتووزینیش لە ناوەدا گەورەترین گوناهی بەرکەوتووە، چونکە بەرپرسەکانی مانگانە لەسەر ئەو قەسابخانەیەی ژنان و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئافرەتان هەزارەها دۆلار پەیدا دەکەن و بەقەد زەرەیەکیش نەیانتوانیوە نەك کێشەکان چارەسەر بکەن، بەڵکو لێیانەوە نزیك و ئاگادارین.
ئاخر ئافرەتێك چی لە (گۆڤار ی خاتووزین) بکات کە فێری چێشت لێنانمان دەکات، کە پەناگەیەك نەبێت بۆ پاراستنی لەدەست مەرگەوەڕەکانی کۆمەڵگا، دەزگایەك نەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی، سەنتەرێك نەبێت بۆ لە ئامێزگرتن و دڵنەوایکردنی.
ئەوەی زیاتر کێشەکانی زیاتر قوڵ کردۆتەوە بوونی سەنتەرێکی وەکو (خاتووزینە) کە لەلایەکەوە خۆی بی خاوەنی کێشە و گرفتەکانە ئافرەتان دەزانی، لە پشتەوەش بەرپرسەکانی خەریکی پارە پەیداکردن و سات و سەوداکرنن بە گێشەکانی ئافرەتان تا ئەو وەزعیەتە هەر بەر دەوام بێت، ئەوان باکیان نیە رۆژانە هەزارەها ئافرەت بی گیان و خەڵتانی خوێن بکرێن، بەڵام بودجەکانی ئەوان دوانەکەوێت.
Hozan_mahmwd@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.